Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

**Aran Journal for Languages and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-24

# چێوەی مامەڵەی میدیایی ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا
# توێژینەوەیەکی شیکارییە لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی (Rudaw) و (CHANNEL 8)دا:

**کۆسرەت طه محمد شاری، ارکان جبار محمد، هونەر رسول صالح**

بەشی تەکنیکی میدیا، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-12-05** |
| Accepted | **2026-02-09** |
| Published: | **2026-02-15** |

**Keywords**

**چێوەی میدیایی، مامەڵەی میدیایی، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی، هەژماری من**

**Corresponding Author**

kosrat.taha@spu.edu.iq
arkan.mohammed@spu.edu.iq
hunar.rasul@spu.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و شیکاریکردنە لە چۆنێتی مامەڵەی میدیایی لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا، وەکو پرسێکی دارایی و تەنانەت سیاسی لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (Rudaw) و (CHANNEL 8)دا، کە تیایدا لەچوارچێوەی جۆری توێژینەوە وەسفییەکاندا، میتۆدی رووپێوی ناوەڕۆک و بە بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك جێبەجێکراوە، بەمەبەستی زانینی ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمە میدیاییانەی کە ئەو پرسەیان خستۆتەڕوو. ئەویش لە رێگەی وەرگرتنی سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار و جێبەجێکردنی رێکاری (گەمارۆی گشتگیر) لە تەواوی بەرهەمە رۆژنامەوانییە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە بە درێژایی مانگەکانی (ئایار، حوزەیران، تەمموز، ئاب، ئەیلول، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانوونی یەکەم)ی ساڵی ٢٠٢٤، ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە (٨٨) بەرهەمی میدیایی (هەواڵ، راپۆرت، چاوپێکەوتن، رووماڵی راستەوخۆ، فۆتۆستۆری)، تایبەت بە پرسی (هەژماری من) و لێکەوتەکانی، لەو سۆنگەیەوە توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێك دەرئەنجام لەوانە: ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکە، لەگۆشەنیگای ململانێ-وە دەڕواننە پرسی (هەژمار من) و چێوەی ململانێ لە بەرامبەر رووماڵکردنی ئەو پرسەدا بەکاردەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانیوە هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی ئەو پرسەدا رابگرن. هاوکات ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە لاواز بوون لە خستنەڕووی وردەکاریی زانیارییەکان و تەنیا مامەڵەیەکی رووکەشی و خێرایان لە رووماڵکردنیدا بەکارهێناوە.

## پێشەکی:

ئەرکی سەرەکی کەناڵە میدیاییە جۆراوجۆرەکان (خوێنراو، بیستراو، بینراو و ئەلیکترۆنییەکان)، پێدانی داتا و زانیاری و مەعریفەیە لەبارەی رووداو و پرس و قەیران و ئەو بابەتانەی کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرکەوتەی ژیانی تاک و کۆمەڵ دەکات لەچوارچێوەی جەماوەردا، لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوە بۆ ئەو رووداوانە دەکات کە لەدەوروبەریاندا روو دەدەن و هەوڵی ئاشکراکردن و روونکردنەوەی چێوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ناوەڕۆکی پەیامەکان دەکات، بەمەبەستی هۆشیارکردنی جەماوەر و تێگەیشتن لە وردەکاریی ناوەڕۆکەکان. بەوپێیە، رۆڵی کەناڵە میدیاییەکان تەنها لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان قەتیس نابێت، بەڵکو سەربار دەکات و (مانا) بە ناوەڕۆکەکان دەبەخشێت، ئەویش لە رێگەی لەچێوەدانی ناوەڕۆکەکان بە چێوەی دیاریکراو، بەشێوەیەک فۆکەس دەخاتە سەر روونکردنەوە و بۆچوون و شیکردنەوەی چەند لایەن و گۆشەیەکی رووداوەکان.

بەشێوەیەکی گشتی، جێبەجێکردن و بەکارهێنانی چێوەی میدیاییە جۆراوجۆرەکان لە مامەڵەی میدیایی لەگەڵ پرس و پێشهاتەکاندا، بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە: یان بۆ دەستگیرۆیی جەماوەر بەمەبەستی تێگەیشتن و کارلێک لەگەڵ وردەکاریی گشت لایەنەکانی رووداو و پرسەکاندا کە ئەمەشیان لایەنێکی ئەرێنییە، یاخود بۆ بەهەڵدابردن و چەواشەکردنی جەماوەر لە رێگەی بەکارهێنانی شێوازەکانی پروپاگەندە، بەمەبەستی دوورخستنەوەیان لە گۆشە راستەقینەکانی رووداوەکان ئەوەی کە بەرژەوەندیی سیاسەتی کەناڵەکە دەیخوازێت.

لەدوای بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، لە رێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٢١، (پەیوەست بە پابەندکردنی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم بە خەرجکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم و پێویستیی بە دیجیتاڵکردن (توطین)ی مووچەکانیان)، زۆرترین کاردانەوە و فۆکەسی میدیایی لەبارەی پرسی هەژماری من (کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ەوە دەست بە جێبەجێکردنی کرا) لەسەر ئاستی میدیا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان دروستبوو، بەجۆرێک میکانزمی جێبەجێکردنی ئەو پرسە بانکییە و بۆچوونی سیاسی جیاواز لەناوخۆی هەرێم سەبارەت بە (تەوطین) یان (هەژماری من)، مشتومڕەکانی لە ئەجێندای کەناڵە میدیاییەکان گەرم کرد، دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵیش، هێشتا ئەو پرسە لەلایەن میدیاکانەوە لە چێوەی میدیایی دەدرێت و هەر کەناڵە و لەگۆشەنیگای بازارگەریی سیاسییەوە، مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

لەو سۆنگەیەوە بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە گەڵاڵە بوو، بەمەبەستی ئاشکراکردنی شێوە و ئاستی چێوەی مامەڵەی میدیایی ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی دیجیتاڵ میدیا لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا، ئەویش لە رێگەی جێبەجێکردنی تیۆری لەچێوەدانی میدیایی و بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ ئەو بەرهەمە میدیاییانەی کە پەیوەستن بەو بابەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (Rudaw) و (CHANNEL8) دیاریکراون، بۆ ئەوەی شیکردنەوە بۆ مامەڵەی میدیاییان بکرێت لەبەرامبەر پرسی (هەژماری من)دا. لەوچوارچێوەیەدا، ئەم توێژینەوەیە بەرچاو روونی دەداتە توێژەرانی بوارەکانی میدیا و دارایی و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم، بەمەبەستی بەئاگابوون لە زانینی چۆنێتی مامەڵەی میدیایی ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا کە راستەوخۆ پەیوەندیی بە دۆسێی دارایی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکان بۆ بەدیجیتاڵکردنی مووچە و کاروبارە داراییەکانەوە هەیە، هەروەها ئاراستەی کاری میدیایی کەناڵەکان دەردەخات، لە چۆنێتی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و پەیامەکانی تایبەت بەو پرسە.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدنامەی توێژینەوە:

### ١- کێشەی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە، بە هەنگاوی یەکەمی هەموو توێژینەوەیەکی زانستی لەقەڵەم ئەدرێت، ئەو کێشەیەش ئەبێتە دەستپێکێکی زانستی بۆ دیاریکردنی رێڕەوی توێژینەوە، ئەگەر کێشەی توێژینەوە بریتی بێت لە دۆخێکی تەمومژاوی، ئەوە لە رووی زانستییەوە پێویستی بە وردبوونەوە و هەڵوەستە لەسەرکردن ئەبێت، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکاریی بابەتێکی هەستیاری وەکو پرسی (هەژماری من) کە بەهۆی مامەڵەکردنی حزبیانە لەگەڵیدا، بوتە هۆی دروستبوونی بۆچوونی جیاواز لەناو کۆمەڵگەی کوردی لەبارەیەوە، هاوکات هەڵسەنگاندنی رەنگدانەوەی ئەو جیاوازییە سەبارەت بەو پرسە کە لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (Rudaw) و (CHANNEL8)دا بڵاوکراونەتەوە، لە رووی شێوازی لەچێوەدانی میدیایی و شێوەی سازاندن و رووماڵکردنەوە، بە واتایەکی دیکە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەدات رۆشنایی بخاتە سەر لایەنێك لە هونەرە رۆژنامەوانییەکانی بەرهەمهێنراو لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا، تا بزانرێت چۆن مامەڵەی میدیایی لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا دەکرێت، لەو چوارچێوەیەدا پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: **(چێوەی مامەڵەی میدیایی ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ پرسی هەژماری من چۆنە؟)**، دواتر توێژەران چەند پرسیارێکی لاوەکی بەم شێوەیە دەخەنەڕوو:

١- کامانەن جۆری ئەو چێوە میدیاییانەی کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە ئاسمانییە کوردییەکە لەمامەڵەکردن لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا بەکاردەهێنرێن؟

٢- تا چەندە هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی پرسی (هەژماری من)دا لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکەدا دەپارێزرێت؟

٣- جۆری ئەو ژانرە میدیاییانە چین کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکە لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا بەکاردەهێنرێن؟

٤- ئەو هونەرە میدیاییانە چین کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکە لە مامەڵکردن لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا بەکاردەهێنرێن؟

٥- ئەو ڕەگەزە تۆپۆگرافییانە چین کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا لە ماڵپەڕی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکەدا بەکاردەهێنرێن؟

## ٢- گرنگی توێژینەوەکە:

**- گرنگی پراکتیکی:** ئەم توێژینەوەیە بەرچاو ڕوونی دەداتە توێژەرانی بواری میدیا و دارایی و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم، بەمەبەستی بەئاگابوون لە زانینی چۆنێتی مامەڵەی میدیایی ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دۆسێی دارایی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکان بۆ بەدیجیتاڵکردنی مووچە و کاروبارە داراییەکانەوە هەیە، هەروەها ئاراستەی میدیایی کەناڵەکان دەردەخات، لە چۆنێتی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و پەیامەکانی تایبەت بەو پرسە.

**- گرنگی زانستی:** ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ کتێبخانەی ئەکادیمی زانکۆکان، کە بوارەکانی میدیا و زانستی دارایی لێی سوودمەند دەبن، بەتایبەتی دەرئەنجانی توێژینەوەکە کە دەکرێت ببێتە پێودانگێك بۆ هەڵسەنگاندنی پرسی مامەڵەی میدیایی ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بۆ توێژەرانی ئایندە.

## ٣- ئامانجی توێژینەوەکە:

١- زانینی جۆری ئەو چێوە میدیاییانەی کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا بەکاریدەهێنن.

٢- زانینی ئاستی هاوسەنگیی لە ڕووماڵکردنی پرسی (هەژماری من) لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکەدا.

٣- چاوێریکردنی جۆری ئەو مامەڵە میدیاییانەی کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکە لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا بەکاریدەهێن.

٤- زانینی هونەرە میدیاییەکانی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکە، لە مامەڵکردن لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا.

٥- زانینی ئەو ڕەگەزە تۆپۆگرافییانەی کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا، لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکەدا بەکاردەهێنرێن.

## ٤- توێژینەوەکانی پێشوو:

بەهۆی ئەوەی توێژەران هیچ توێژینەوەیەکیان سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکەیان بەدەستنەخست، بۆیە هەوڵدرا توێژینەوەی نزیک لەو بابەتە بە زمانی بیانی تاووتوێ بۆ ئەم توێژینەوەیە بکەین کە لە ڕووەکانی میتۆد یان نزیکیی لەگەڵ یەکێک لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەی ئێستا نزیکن و بڵاوکراونەتەوە.

- توێژینەوەی Leto et al (٢٠٢٤)، بەناونیشانی **( Framing in the Presence of Supporting Data: A Case Study in U.S. Economic News)**، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئاست و شێوەی ڕووماڵی میدیا ئەمریکییەکان بۆ پرسە ئابوورییەکانی وەک (بێکاری و هەڵاوسان) و هەروەها زانینی جۆری چێوە میدیاییەکان لە خستنەڕووی بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بەو پرسانە، لەگەڵ چاودێریکردنی ئاراستەی میدیاکان لە ڕووماڵکردنی پرسە ئابوورییەکاندا.

ئەو توێژینەوەیە، دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان و تێیدا میتۆدی ڕووپێوی ناوەڕۆکی میدیایی لە ڕێگەی ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە بەکارهێناوە، هاوکات پشتی بە مۆدێلێکی فێربوونی ئامێر (Machine Learning)  دەبەستێت و داتاکان لە ڕێگەی ئامرازی ئەرشیفی ئینتەرنێتی"Wayback Machine" ەوە کۆکراونەتەوە. سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (١٩٩,٠٦٦) بەرهەمی میدیایی تایبەت بە پرسی ئابووری کە لەلایەن شەش دەزگای میدیایی گەورەی ئەمریکی لەنێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠٢٣ بڵاوکراونەتەوە. گرنگترین دەرئەنجامەکان دەریانخستووە: میدیاکان بە شێوەیەکی بەرچاو لایەنگیری لە هەڵبژاردن و چێوەدانی هەواڵەکاندا دەکەن. بۆ نموونە، دەرکەوتووە کە هەندێک لە دەزگاکان تەنانەت لەکاتی گەشەی ئابووریی بەهێزیشدا، بەردەوام بوون لە ڕووماڵکردنی نەرێنیانەی دۆخی ئابووری و بەتایبەت هەواڵی هەلی کار، لە کاتێکدا تیشکیان زیاتر خستۆتە سەر ئاماژە نەرێنییەکانی وەک هەڵاوسان. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە میدیا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە لە داڕشتنی تێڕوانینی گشتیدا، کە ڕەنگە هەمیشە ڕەنگدانەوەی دۆخی ڕاستەقینەی ئابووریی نەبێت، هەروەها بەشی زۆری میدیا ئەمریکییەکان، چێوەی ململانێ لە خستنەڕووی بەرهەمە میدیاییەکانی پەیوەست بە پرسە ئابوورییەکان بەکاردەهێنن.

- توێژینەوەی وسام فؤاد عباس (2022)، بەناونیشانی: **(دور وسائل التواصل الاجتماعي في ترويج الخدمات المصرفية (دراسة استطلاعية في عينة من المصارف التجارية الخاصة في محافظة كربلاء المقدسة)**، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشکخستنەسەر ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی (فەیسبووک، تویتەر، یوتیوب)ە لە پرۆسەی بەبازاڕکردن و ناساندنی خزمەتگوزارییە بانکییەکاندا، هەوڵی زانینی ئاستی پشتبەستی کڕیاران بە خزمەتگوزارییە بانکییەکاندا لە بازارەکانی شاری کەربەلا دەدات، کە ئایا بانکە تایبەتەکانی عێراق تا چەند پشت بەم ئامرازە نوێیانە دەبەستن، بۆ گەیشتن بە کڕیار و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە بازاڕدا.

توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی - ڕووپێوی ڕای گشتی جێبەجێکردووە و فۆرمی ڕاپرسی وەکو ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکانی بەکارهێناوە کە بەسەر سامپڵێکدا دابەشکراوە کە پێکهاتوون لە (٣٠) بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و فەرمانبەری پسپۆڕ لە پێنج بانکی تایبەتی بازرگانی لە شاری کەربەلا. دەرەنجامەکان دەریانخستووە کە پەیوەندییەکی ئەرێنی و ئاماریی بەهێز لەنێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەبازاڕکردنی

خزمەتگوزارییە بانکییەکاندا هەیە، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە بانکەکانی نموونەی توێژینەوەکە گرنگییەکی زۆر بەم پلاتفۆرمانە دەدەن و تۆڕی کۆمەڵایەتی "فەیسبووک"یش بە کاریگەرترین و گرنگترین پلاتفۆرمە بۆ ناساندنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان.

- توێژینەوەی وفاء عبدالخالق ثروت (2017)، بەناونیشانی: (**دلالة تأطير الصورة في التغطية الإعلامية للقضايا الاقتصادية**)، ئەم توێژینەوەیە شیکارییەک بۆ چێوەدانانی وێنە (Image Framing) لە رووماڵی میدیایی پرسە ئابوورییەکانی میسردا دەکات. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەرییەکانی وێنە لە ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییەکاندا بەمەبەستی گەیاندنی پەیام بۆ وەرگر، هەروەها زانینی جۆری لەچێوەدانی وێنە لەو ماڵپەڕانەی وڵاتی میسر.

توێژینەوەکە میتۆدی شیکاری وەسفی پەیڕەو کردووە و ئامرازی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتی بووە لە شیکاریی سیمیۆلۆجی (Semiotic Analysis)، کە بریتییە لە شیکردنەوەی نیشانە و هێماکانی ناو وێنە بۆ دۆزینەوەی مانا قووڵەکانی. سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەو وێنانەی کە لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی چەند کەناڵێکی ئاسمانیی دیاری میسریدا بڵاوکراونەتەوە بەدرێژایی ساڵی ٢٠١٦. لە گرنگترین دەرئەنجامەکان دەریانخستووە کە چێوەی وێنەکان بە گشتی نەرێنی بووە و تیشکیان خستۆتە سەر ئازار و مەینەتییەکانی هاووڵاتیان و دەرهاویشتە خراپەکانی بڕیارە ئابوورییەکان، وەک بەرزبوونەوەی نرخەکان و هەژاری. دەرکەوتووە کە رووماڵی وێنەیی زۆرجار پێچەوانەی گێڕانەوەی فەرمیی حکومەت و داتا و زانیاریی حکومەت سەبارەت بە دۆخی ئابووری بووە و زیاتر وەک دەنگێکی رەخنەگرانە دەرکەوتووە. توێژینەوەکە دەیسەلمێنێت کە وێنە تەنها گواستنەوەی واقیع نییە، بەڵکو ئامرازێکی بەهێزە بۆ بنیاتنانی مانا، کاریگەری کردنە سەر هەستی بینەر، و ئاراستەکردنی رای گشتی.

## - جیاوازی توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:

١- لە رووی یەکەکانی شیکارییەوە، ئەم توێژینەوەیە زیاتر رۆشنایی ئەخاتە سەر ئەو یەکانەی کە پەیوەستن بە ئاگابوون لە جۆری چێوەسازیی میدیایی شێوەی مامەڵەی میدیایی.

٢- پێچەوانەی توێژینەوەکانی پێشوو، ئەم توێژینەوەیە پرسێکی تایبەت بە خزمەتگوزارییە بانکییەکانی کردووە بە گۆڕاوی شوێنکەوتە، کە رەهەندی دارایی و سیاسی و ئابووریی هەیە.

## ٥- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان (Descriptive Studies) کە ئامانجیان وێناکردن و شیکاریکردن و هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندێتییەکانی پەیوەست بە سروشتی دیاردەیەك یان هەڵوێستێك یاخود کۆمەڵێك بارودۆخە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری پێویست. تیایدا بە پشتبەستن بە میتۆدی رووپێوی شیکاریی ناوەڕۆک، هەوڵ دەدرێت بگات بە داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە چۆنێتی مامەڵەی میدیایی ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەگەڵ (پرسی هەژماری من)دا.

## ٦- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:

**- کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو بابەتە میدیاییانەی کە لەبارەی پرسی هەژماری من لە ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

**- سامپڵی توێژینەوە:** بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بە پرسی هەژماری من لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (Rudaw) و (CHANNEL 8) وەك سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون، پاساوەکانی وەرگرتنی بابەتەکانی ئەو دوو ماڵپەڕە هەواڵییە کوردییە، بۆ راپرسییەکی پێشوەختەی توێژەران دەگەڕێتەوە (pilot study) کە لە رێگەی گوگڵ فۆرمەوە ئەنجامدرا، بۆ بەئاگابوون لە دیارترین ماڵپەڕی ئەو کەناڵانەی کە لەلایەن جەماوەرەوە بەمەبەستی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری پشتی پێ دەبەستن، راپرسییە پێشوەختەکە بەشێوەی ئەلیکترۆنی بەسەر (٦٧) مامۆستا و فەرمانبەری خوێندنگە بنەڕەتییەکانی سەر بە پەروەردەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، لە ئەنجامدا دەرکەوت ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی (Rudaw) و (CHANNEL 8)، بەراورد بە ماڵپەڕی کەناڵەکانی دیکەی وەک: (K24، GK، KURDSAT NEWS، Speda، Payam، AVA News، NRT، Zoom News، KNNC)، لە پێشەنگی ماڵپەڕی ئەو کەناڵانەن کە بەشداربووانی راپرسییەکە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری پەنای بۆ دەبەن. ئەمەش دەرئەنجامێکی ئەرێنییە، چونکە ماڵپەڕی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە، نوێنەرایەتیی دوو دیدگای بەرفراوانی سیاسیی جیاواز لەهەرێمی کوردستاندا دەکەن، کە هەردووکیان لە دوو حزبی دەسەڵاتداری هەرێمەوە نزیکن.

هاوکات، سامپڵی ئەم توێژینەوەیە لە رووی ناوەڕۆکەوە، بریتییە لە سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بەشێوەی گەمارۆی گشتگیر بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بە پرسی (هەژماری من) لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا، بە درێژایی هەر هەشت مانگی (ئایار، حوزەیران، تەمموز، ئاب، ئەیلول، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانوونی یەکەم)ی ساڵی ٢٠٢٤، ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە (٨٨) بەرهەمی میدیایی (هەواڵ، راپۆرت، چاوپێکەوتن، رووماڵی راستەوخۆ، فۆتۆستۆری)، تایبەت بە پرسی (هەژماری من) و لێکەوتەکانی. هۆکاری دیاریکردنی ئەو شەش مانگەی ساڵی ٢٠٢٤-یش، بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە لەدوای بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراقەوە، لە رۆژی 21ی ٢ی ٢٠٢٤، پەیوەست بە پابەندکردنی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم بە خەرجکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم و پێویستیی بە

دیجیتاڵکردن (توطین)ی مووچەکانیان، زۆرترین کاردانەوە و فۆکەسی میدیایی لەبارەی پرسی هەژماری منەوە (کە پرۆژەیەکی حکومەتی هەرێمە بۆ بەدیجیتاڵکردنی مووچە)، لەو ماوەیەدا ئەنجامدراون.

### ٧- بوارەکانی توێژینەوەکە:

- بواری کات: لە (٢٠-٢-٢٠٢٥) بۆ (٢٠-٤-٢٠٢٥)، واتا ئەو ماوەیەی کە توێژەران لایەنی شیکاریی توێژینەوەکەیان جێبەجێکردووە.
- بواری شوێن: هەرێمی کوردستان – پارێزگای سلێمانی.
- بواری بابەت: سەرجەم ئەو بەرهەم و بابەتە میدیاییانەی کە لە چوارچێوەی بەرهەمە میدیاییەکانی هەردوو ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییەکەدا بڵاوکراونەتەوە و پەیوەستن بە پرسی (هەژماری من)ەوە.

### ٨- ئامرازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران فۆرمی شیکاریی ناوەڕۆک (Content Analysis) بەکاردەهێنن، بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە ئامانجی توێژینەوەکە.

### ٩- ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

- **چێوەی میدیایی**: شێوە قاڵبێکی دیاریکراوە، کە لە ڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی پرس و بابەت و پەیامە میدیاییەکاندا دەکرێت، بەمەبەستی پێدانی مانایەکی دیاریکراو و مەبەستدار بە پرسەکان (پاساو هێنانەوە بۆ هۆکاری کێشەکان و پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ چارەسەر) کە گوزارشت لە سیاسەتی کەناڵە میدیاییەکە دەکات، بەشێوەیەک لەسەر بنەمای چێوەی بەکارهێنراو لەلایەن کەناڵەکەوە، وەرگر بەرکەوتە و تێگەیشتنی بۆ پرس و بابەتەکان لەلا گەڵاڵە دەبێت.
- **مامەڵەی میدیایی**: شێوازێکە کە لەلایەن کەناڵە میدیاییەکانەوە بۆ بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکانیان جێبەجێدەکرێت، بەو واتایەی کەناڵەکان مەبەستدارانە و بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتە گشتییەکانیان، فۆکەس دەخەنە سەر لایەن و گۆشەیەکی دیاریکراوی پرسەکان و لایەن و ڕەهەندەکانی دیکەشی پەراوێز دەخەن.
- **ماڵپەڕی (Rudaw)**: لە مانگی نیسانی 2008 دروستکراوە و لە ڕۆژی 14ی ئایاری 2013 وەك پۆرتاڵ و سۆشیاڵمیدیایەکی بەرفراوان نوێکرایەوە و بووە بەشێکی گرنگی تۆڕی میدیایی ڕووداو، بە زمانەکانی کوردی "کورمانجیی سەروو و خواروو"، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی)، بەرهەمە میدیاییەکانی پەخش و بڵاودەکاتەوە و بارەگای سەرەکی تۆڕەکەش، لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە. ئەدرەسی ماڵپەڕەکەش بریتییە لە: (www.rudaw.net)
- **ماڵپەڕی (CHANNEL 8)**: سەر بە دامەزراوەی میدیایی (CHANNEL 8) و لە ساڵی 2023 لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە و ناوەندی سەرەکیی کەناڵەکە لە شاری سلێمانییە کە بە پایتەختی ڕۆشنبیری ناسراوە. لە ڕێگەی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و دیجیتاڵ میدیا بە زمانەکانی (کوردیی ناوەند و کورمانجیی سەروو، ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی و فارسی)، و سەنتەری توێژینەوەوە، بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی پێشکەش دەکات. ئەدرەسی ماڵپەڕەکەش بریتییە لە: (www.channel8.com)
- **هەژماری من**: بەشێکە لە هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم، بەمەبەستی بە بانکیکردنی مووچەی تەواوی مووچەخۆرانی هەرێم و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەردەمییەکانی بانک بە مووچەخۆران، بڕیار بوو تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤، نزیکەی ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار مووچەخۆری هەرێم لەو پرۆژەیەدا تۆمار بکرێن و مووچەکانیان بە بانکیی بکرێت. بەڵام بەهۆی ڕەتکردنەوەی بەبانکیکردنی مووچەکانیان لە چوارچێوەی بانکەکانی ناو (هەژماری من)، نزیکەی نیوەی مووچەخۆرانی هەرێم لەو پرۆژە بانکییەدا تۆمارنەکراون.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆرینامەی توێژینەوە:

### ١- تیۆری چێوەگرتنی میدیایی

ئەم تیۆرە، بە یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکان هەژمار دەکرێت کە بەشێوەیەکی کارا هەوڵ دەدات بە هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان لە توێژینەوەکاندا، هاوکات لێکدانەوەیەکی ورد سەبارەت بە ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیا لە سازاندنی بیروڕا و ئاراستە فکرییەکانی تایبەت بە پرسە دیارەکانی نێو کۆمەڵگەدا پێشکەش دەکات و هەوڵ دەدات، پەیوەندیی نێوان فیدباکی ناسکاریی و ویژدانیی جەماوەر بەرامبەر بەو پرسانە دیاری بکات (العرامين، 2020: 11).

بیرۆکەی چەمکی چێوە (الاطر، Frames ) دەگەڕێتەوە بۆ کۆششە مەعریفییەکانی زانای کۆمەڵناس ئیرفنگ گۆفمان Goffman لە ساڵی 1974دا، گۆفمان دەڵێ: "ئەو کاتەی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان درکیان پێدەکرێت، ئەنجامی کۆمەڵێك پێشبینین کە هۆیەکانی ماس میدیا بونیادیان ناوە و دەبنە هۆی پێکهێنانی دیدی گشتی بەرامبەر هەر بابەت و پرسێك کە پێشکەشی جەماوەر دەکرێت" (بالنافز وأخرون، 2017: 100).

تیۆری چێوەگرتنی میدیایی لێکدانەوەیەکی زانستی و سیستماتیککراو لە کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگە پێشکەش دەکات، سەرەڕای جیاوازییان. بیرمەندانی ئەم تیۆرییە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە پەیامی ڕاگەیاندن واتایەکی بێ مەغزایە ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی واتاداریدا کارتێك لە هەست و قایلکردنی جەماوەر دانەنرێت، بە ئەندازەیەك کۆی ئەو ڕووداو و پرسە چارەنووسسازانەی کە بابەتی ڕۆژانەی پەیامەکانی ڕاگەیاندنن گرنگ بێت بۆیان (مكاوي و السيد، 2006: 349).

- جۆرەکانی چێوەگرتنی میدیایی: (الکساسبە، 2019: 17)

1- چێوەگرتنی دیاریکراو بە پرسێك Episodic Frames: لە ڕێگەیەوە فۆکس دەخرێتە سەر پرسێك و لایەن و ڕەهەندەکانی بۆ جەماوەر ڕوون دەکرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە ڕووداوێکی پەیوەست بە واقیعێکی بینراو، سەرئەنجام چێوەگرتنەکە لە پێشکەشکردنی ڕەگەزەکانی ئەو ڕووداوە و کاردانەوەکانی چڕ دەبێتەوە. هاوشێوەی ڕووداو و کاردانەوەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای باڵندە.

2- چێوەگرتنی گشتی Thematic Frames: ڕووداوەکان لە سیاق و شیکردنەوەی گشتیی ئەبستراك پێشان دەدات و پەیوەستی دەکات بە پێوەرە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانەوە، کە گرنگی گەورەی هەیە بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان و پێشکەشکردنی چارەسەر و باوەڕپێهێنان لەسەر ئاستی دوور.

3- چێوەرگرتنی ستراتیژی Strategic Frame: ڕووداوەکان لە گۆشەنیگایەکی ستراتیژییەوە دەبینێت، بۆ ئەوەی لە داڕشتنێکی دیاریکراودا جێگیری بکات و ڕاڤەی کێشەکان بکات، بەمەبەستی گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ ژینگەی دەوروبەر. ئەم چێوەگرتنەش لەگەڵ ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکاندا گونجاوە. کە فۆکس دەخاتە سەر ژمارەیەك بەها لەوانە:

- پرنسیپی سەرکەوتن و دوراندن، پێشکەوتن و دواکەوتن، ڕاپەڕین و داڕمان.
- زمانی شەڕ و ململانێ و کێبڕکێ نیشتمانیی و نێودەوڵەتییەکان.
- پرنسیپی هەژموون و هێز و سەرچاوەکانی و سیمای کەسایەتییەکان.
- پێشکەشکردنی دەستکەوتە مەزنەکان، یان ڕەخنە گەورەکان.

4- چێوەگرتنی بایەخدانە مرۆڤایەتییەکان Human Interests Frame: ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای کاریگەرییە مرۆڤایەتی و سۆزی گشتییەوە دەبینێت، بۆ ئەوەی پەیامەکان لە جۆرە قاڵب و چیرۆکێکی دراماتیکی و هەستی سۆزدارییەوە دابڕێژرێت.

5- چێوەگرتنی ئەنجامە ئابوورییەکان Economic Consequences Frame: ئەم جۆرە چێوەگرتنە فاکتەکان دەخاتە سیاقی ئەنجامە ئابوورییەکانەوە کە بەهۆی ڕووداوەکانەوە بەرهەم هاتوون و ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئێستا، یان پێشبینیکراوەکان لەسەر تاك و دەوڵەت و دامەزراوەکان دەکات، بە جۆرێك هەڵسوڕێنەری گەیاندن (Communicator) ئەنجامە مادییەکان بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پەیامە میدیاییەکان لەسەر جەماوەر کاراتر بکات و زیاتر پەیوەستیان بکات بە بەرژەوەندییەکانیانەوە. بۆ نموونە، چێوەگرتنی ڕووداوی فرۆشتنی کۆمپانیایەکی کەرتی گشتی بریتییە لە: چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی ئێستا، دۆزینەوەی هەلی کاری نوێ بۆ گەنجان و ..تد).

6- چێوەگرتنی ململانێ Conflict Frame: نمایشکردنی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی کێبڕکێ کە هەڵگری مۆرکی ململانێی توند بێت. سەرئەنجام لەپێناوی دەرخستن و زەقکردنەوەی ململانێکان، پەیامە میدیاییەکان ڕەگەزی گرنگ لە دەستدەدەن، بەشێوەیەك چاودێری بەرژەوەندییەکان لە پێش چاودێریکردنی ئامانجەکان دەکرێت، هاوکات زۆربەی کات پەیامەکان بە پێوەری دۆڕاو و براوە دەپێورێت، میدیاکارانیش زیادەڕۆیی زۆر دەکەن بۆ ئەوەی ڕووداوەکان لە چێوەبگرن. ئەم جۆرە چێوەگرتنە بەربڵاوترینە لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکاندا، کە جەخت لەسەر ڕەگەزی ململانێی نێوان تاکەکان، کۆمەڵ و دامەزراوەکان دەکات و زۆرکاتیش لە ڕووماڵی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەکاردەهێنرێت.

7- چێوەگرتنی بەرپرسیارێتی Responsibility Frame: لەم جۆرە چێوەگرتنەدا بابەت و کێشەکان بە شێوازێك پێشکەش دەکرێن، کە بەرپرسیارێتی ئەو بابەت و ڕووداوانە پەیوەست دەکرێن بە هەر تاك و کۆمەڵێکەوە، هەروەها بەرپرسیارێتی هۆکاری کێشە و چارەسەرەکان پێشکەش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسوڕێنەری گەیاندن پەیامەکان بەو چەشنە ئامادە دەکات کە وەڵامی پرسیاری "کێ بەرپرسیارە لە؟ بدرێتەوە.  تاك و دامەزراوە و دەوڵەتەکان پەیوەندیدارن بەوەی بزانن بەرپرسیاری ڕووداوەکە کێیە و دیاری بکەن، ئیتر دامەزراوەیەك بێت یان یاسایەك یاخود ڕفتارێك یان حکومەتێکی دیاریکراو.

8- چێوەگرتنی پرنسیپە مۆراڵییەکان Morality Frame: نمایشکردنی فاکتەکان لە سیاقی بەها و  مۆراڵی کۆمەڵگەدا، بە جۆرێك گرنگی بە بیر و باوەڕ و پرنسیپە باوەکانی لای جەماوەری وەرگر دەدات، هەڵسوڕێنەری گەیاندن ڕاستەوخۆ وەڵامی ڕووداوەکان لە بەرژەوەندیی مۆراڵی کۆمەڵگە دەداتەوە، بە شێوەیەك پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەو کۆنتێشن و بەڵگە ئاینییانە دەبات کە پاڵپشتی لەو فاکت و سەرچاوانە دەکات کە جەخت لەو جۆرە چێوەگرتنە دەکات. بە ڕوونی چێوەگرتنی بابەت و ڕووداوەکان دەخاتە سیاقێکی بیر و باوەڕییەوە، یان چوارچێوەیەکی مۆراڵی. هاوکات وەك ئەوەی "لیڤن Levin" ئاماژەی بۆ دەکات، چێوەگرتنی میدیایی چوار ئەرکی سەرەکی هەیە کە بریتییە لە: (دیاریکردنی شوناس (بۆ کۆمەڵ و نەیارەکان)، دیاریکردنی کێشە، چارەسەری کێشە، وروژاندنی پاڵنەرەکان لە پێناوی چارەسەری کێشەکان بەگوێرەی چارەسەرە پێشنیازکراوەکان).

- گریمانەکانی تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی میدیایی: (خطاطبة، 2020: 8)

1- شێوازی پێشکەشکردن و خستنەڕووی زانیارییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، کاریگەرییان هەیە لەسەر وەڵامدانەوە و کاردانەوەی جەماوەر بەرامبەر بە ناوەڕۆکی دەقەکان. بەگوێرەی پێناسەی زانای کۆمەڵناس "Entman" بۆ چێوەگرتن، ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان دەبێتە هۆی دەرخستن و زەقکردنی هەندێك زانیاری لەلایەن هەڵسوڕێنەری گەیاندنەوە، هەروەها دوورخستنەوەی هەندێکی دیکە، بەشێوەیەك ئەگەر جەماوەر تەبەنی ئەو چێوەگرتنەی بکات، ئەوە کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی لەبارەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان دەبێت.

2- ڕووداوەکان بە تەنها هیچ واتا و مانایەکیان نییە، ئەگەر نەخرێنە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، ئەوەیش لە ڕێگەی فۆکس خستنەسەر بەشێك لە لایەنەکانی بابەتەکە و پەراوێزخستنی بەشێکی دیکە.

3- دانانی پەیامی میدیایی لە چێوەیەکی دیاریکراودا، کاریگەری جیاوازی دەبێت لەسەر جەماوەری وەرگردا، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو لە چێوەدانی پەیامانە لە چوارچێوەی جیاوازدا سازێنرابێت. بۆیە سازاندنی پەیامی میدیایی لە چوارچێوەی گونجاودا سەرنجڕاکێشتر دەبێت بەلای وەرگردا).

**٢- چەمکی مامەڵەی میدیایی :**

بەشێوەیەکی گشتی، مامەڵەی میدیایی بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی ڕوومالّی میدیایی لەلایەن کەناڵە میدیاییە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ پرس و بابەتەکان، بەو واتایەی لە دوای ئەوەی کەناڵەکان ڕوومالّی گشتگیر بۆ بابەتەکان دەکەن و لە ڕێگەی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانیانەوە هەوڵ بۆ دەستخستنی زانیاری نوێ دەدەن، قۆناغی چۆنێتی مامەڵەکردنی میدیایی لەگەڵ ناوەڕۆکی زانیارییەکاندا دەستپێدەکات، کە بەپێی جۆری زانیاری بابەتەکان جیاواز دەبێت، بۆ نموونە مامەڵەی میدیایی کەناڵەکان بۆ پرسی قەیرانێک، جیاوازە لەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ پرسێکی نیشتمانیدا جێبەجێی دەکەن. (کشکول و سعید، ٢٠٢١، ل ١٧٩)

مەبەست لە مامەڵە "هەموو ئەو بڕیارانە دەگرێتەوە کە لەلایەن نێرەری کۆمۆنیکەیشنی جەماوەریی لەبارەی شێوازی پێشکەشکردنی پەیامی میدیایی دەدرێن". (عبدالوهاب، 2013، ل244)، بەڵام مامەڵەی میدیایی بەواتای "ئەو شێوەکارکردنەیە کە کە کەناڵەکان لە تاوتوێکردن و خستنەڕووی پرسێک یان بابەتێک دەیگرنەبەر، بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەت و ئاڕاستە و تێڕوانینی خاوەنی کەناڵەکە. (عامر، ٢٠١٠، ل ٣٠)

مامەڵەی میدیایی، بەو جۆرەش پێناسە دەکرێت، کۆمەڵە شێوازێکی تەکنیکییە کە لە پرۆسەی ڕوومالّکردنی میدیاییدا بۆ پرسێک بەکاردەهێنرێت، وەک: (شێوەی داڕشتنەوە و سازاندن، سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان، چەشنی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی، ئارگیومێنتە قالیکەرەکان و گوزارشتە زمانەوانییە بەکارهاتووەکان). (عبدالغفور، ٢٠١٧، ل١٦)

**3- جۆرەکانی مامەڵەی میدیایی :**

بەپێی سیاسەتی میدیایی لە سازاندنی ناوەڕۆکە میدیاییەکان و جۆری چێوەی میدیایی لە دیاریکردنی شێوەی مامەلەی میدیایی بۆ پرس و بابەتە بایەخدارەکان لای جەماوەر، مامەڵەی میدیایی بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکرێن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**أ- مامەڵەی میدیایی لە ڕووی قوڵایی سەرچاوەی زانیارییەکانەوە (القيسي، 2020، ل 38)**

١- مامەڵەی ڕووکەشی: بەو مانایەی کەناڵە میدیاییەکان مامەڵەیەکی ڕووکەشی و خێرا بۆ پرس و بابەتەکان دەکەن، بەجۆرێک کەمترین وردەکاریی قوڵی ڕووداوەکان لەخۆدەگرێت و زیاتر دەچێتە چوارچێوەی ڕوومالّی ڕۆژنامەوانییەوە، لەم جۆرەدا زانیارییەکان بە سادەیی دەخرێنەڕوو، بەبێ شیکردنەوە یان خستنەڕووی تێڕوانینە جیاوازەکان و بڕیاردان، لەگەڵ کۆتایی هاتنی ڕووداو یاخود قەیرانەکانیش، جێبەجێکردنی ئەم مامەڵە میدیاییەش کۆتایی دێت.

٢- مامەڵەی بنکۆڵکاری یان وردەکاریی: پێچەوانەی جۆری یەکەم، ئەم مامەڵە میدیاییە لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی داتا و ئامار و وردەکاریی قوڵی زانیاریی پرس و بابەتەکان ئەنجام دەدرێت و شیکردنەوە و بڕیاردان و خستنەڕووی تەواوی وێنەی ڕووداوەکە بەهەموو ڕەهەند و لایەنەکانیەوە لەخۆدەگرێت، بەبێ پەراوێزخستنی هیچ گۆشەیەکی، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەی هەموو گۆشەکانی ڕووداوەکە و پەیوەستکردنەوەی بە هۆکار و بەراوردکاریی بە ڕووداوە هاوشێوەکانی پێشوو.

**ب- مامەڵەی میدیایی لە ڕووی ئاڕاستەکانەوە:**

1- مامەڵەی بێلایەنە یان بابەتیانە: لە ڕێگەیەوە کەناڵە میدیاییەکان زانیارییەکانیان بەبێ لایەنگیریی و دوورکەوتنەوە لەگۆشەنیگا خودییەکان (تێهەڵکێشکردنی تێڕوانین و بۆچوونی تایبەتی هەڵسوڕێنەری گەیاندن یان سیاسەتی کەناڵەکە بە زانیارییەکان) پێشکەش دەکەن، لەم جۆرە مامەڵە میدیاییەدا، گرنگیی بە خستنەڕوو و باڵانسراگرتنی تێڕوانینە جیاوازەکان دەدرێت، بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکان و دوورکەوتنەوە لە پاڵپشتیکردن یان دژایەتیکردنی پرس و ڕووداوەکان. (اسماعيل، 2009، ل2)

٢- مامەڵەی لایەنگیریی: بەو واتایەی کەناڵەکان لایەنگیریی و لایەنداریی بۆ تێڕوانینێکی دیاریکراوی نێو ڕووداوەکان دەکەن، لەگەڵ خستنەڕوو و سازاندنی زانیاری و وردەکاریی پەیامەکان، لە گۆشەیەکی بەرتەسکی کەسییەوە یان فەلسەفەی کارکردنی کەناڵەکەوە، ئەمە جگە لەشێواندن و بەهەڵدابردنی ئاڕاستەی ڕاستیی ڕووداوەکان لای جەماوەر و لەدەستدانی ڕاگرتنی باڵانس لەنێو بۆچوونە جیاوازەکان و بەئاشکرا پێشاندانی پاڵپشتی یان دژایەتیکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان، بەبێ خستنەڕووی سەرچاوەی زانیاری و داتاکان. (عبدالعظيم، 2019، ل 18)

3- مامەڵەی هێرشبەرانە: ئەم جۆرە مامەڵەیە، مۆرکێکی دوژمنکارانە لە بەرامبەر لایەنێکی ڕووداوەکان پێشان دەدات، لەڕێگەی پێشکەشکردنی زانیاریی ناڕاست و چەواشەکارانە، بە ئامانجی گومانخستنەسەر و خراپەکاریی بەرامبەر بە لایەنێک، ئەم جۆرە لەکاتی قەیرانە سیاسییەکان بەکاردەهێنرێت، بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی بیرکردنەوەی جەماوەر. (الطيب، 2010، ل 123)

**ج- مامەڵەی میدیایی لە ڕووی ئامانجەوە:**

١- مامەڵەی پروپاگەندەیی: لەچوارچێوەی ئەم مامەڵەیەوە، کەناڵە میدیاییەکان زانیاری ڕووداوەکان بەشێوەی پروپاگەندە پێشکەش دەکەن، بە بەکارهێنانی شێوازە هەمەچەشنەکانی پروپاگەندە و ئاوێتەکردنی لەپرۆسەی مامەڵەی میدیایی بۆ پرسەکان، بەمەبەستی کاریگەریی خستنەسەر ئاڕاستەی تاکەکان و پێکهێنانی تێڕوانینێکی دروستکراو و ئامادەکراو بۆ پرسەکان و کێشانی وێنەی ڕووداوەکان لای جەماوەر، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی شێوازەکانی پروپاگەندەیەکانی وەک: (وروژاندن، چەواشەکاری و دنەدان). (الكلباني، 2015، ل 192)

2- مامەڵەی ڕەخنەگرانە: مەبەست لێی ئەو مامەڵە میدیایەیە کە پشت دەبەستێت بە شیکردنەوە و پێشاندانی وردەکاریی قەیران و پرسەکان، بە ئامانجی نمایشکردنی هاوسەنگانەی لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکان بەبێ کەمکردن و زیادکردن. (الجميعة، 2006، ل 36)

**٤- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:**

لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا، پێشکەوتنێکی گەورە لە تەکنۆلۆجیای گەیاندنی زانیاریدا دروست بوو، لە پێشەوەی هەموویدا فراوانبوونی بازنەی خزمەتگوزارییەکانی تۆڕی ئینتەرنێت لە هەموو جیهاندا، بەبێ جیاوازی شارستانی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئیتنییەکاندا.

پێشکەوتن و فراوانبوونی تۆڕی ئینتەرنێت، بێجگە لەوەی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی بە رووی یەکتردا کردەوە و سنووری وڵاتانی زیاتر بەزاند و گڵۆباڵیزمی جیهانیی خستە قۆناغێکی نوێوە، هاوکات گۆڕانکاریی ریشەیی لە گەیاندن و بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی دروستکرد و رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی و لەنێویدا ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هاتەکایەوە. (الدليمي، 2011: 88)

لەو چوارچێوەیەدا، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بەوە ئەناسرێت کە بریتییە لە کۆمەڵە لاپەڕەیەکی بەیەکەوەگرێدراوی ئەلیکترۆنی، کە لە رێگەی ئامێری کۆمپیوتەرەوە دیزاین و ئامادە ئەکرێت و لە لاپەڕەی سەرەکی و چەند بەش و لقێک پێکدێت و لە (URL) ئەدرەسی تایبەت بە خۆی هەیە. (تربان، 2012: 24)

هاوکات، بەو جۆرەش پێناسەی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ئەکرێت کە بریتییە لە کۆمەڵە لاپەڕە و دەق و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی و نەخشە و هێڵکاری، لە چاوچێوەی دیزاینێکدا، هەواڵ و راپۆرت و هونەرە رۆژنامەوانییەکانی دیکە ئەگەیەنرێت بە وەرگر، زۆرکاتیش ئەو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییانە سەر بە رێکخراوێک یان دامەزراوەیەکی دەوڵەت یاخود لایەنێکی سیاسی و حزبییە. (سامح، 2022: 267)

لە رووی ناوەڕۆک و پەیامەوە، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان چەند جۆرێک لەخۆئەگرن، لەوانە ماڵپەڕەکانی: (هەواڵ، فیلم و دراما، کاتبەسەربردن، کەلتووری و رۆشنبیری، بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و ...تد).

ماڵپەڕی هەواڵی، بریتییە لەو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییانەی کە زۆرترین گرنگی بە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی خزمەتگوزاری هەواڵ و زانیاری گەرمی رۆژ ئەدەن و زیاتر لەهەر جۆرێکی دیکە رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، جەماوەری هەیە و زۆرکاتیش ئەو جۆرە ماڵپەڕانە، سەر بە دامەزراوە میدیاییەکانن. (عطا الله، 2018: 47)

بەشێکی دیکە لە سەرچاوە زانستییە میدیاییەکان، ئاماژە بەوە ئەکەن کە بەهۆی خێرایی لە گەیاندنی هەواڵ و رووداوە بەپەلەکان، ماڵپەڕەکانی هەواڵ هەژموونی ئامرازی تەلەفیزیۆنیان لاواز کردووە و لەئێستادا تەنیا میدیای دیجیتاڵییە کە شەڕی کات ئەکات و بەزوویی رووماڵی رووداوە لەناکاوەکان ئەکات. (الدليمي، 2011: 39)

## بەشی سێیەم: لایەنی شیکاریی توێژینەوەکە:

لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێت، شیکاریی ئەو بەرهەمە میدیاییانە بکرێت کە پەیوەستن بە پرسی (هەژماری من)ەوە و لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (Rudaw) و (CHANNEL 8) بڵاوکراونەتەوە، رێکارەکانی شیکارییش بەم جۆرە لە توێژینەوەکەدا جێبەجێکراوە:

**- دیاریکردنی ئامرازی شیکاریی:**

توێژەران فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بەکارهێناوە، وەك ئامرازێك بۆ شیکاریی بابەتەکانی پەیوەست بە توێژینەوە، ئەو جۆرە فۆرمە یەکێکە لە ئامرازەکانی زانینی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان و راڤەکردنی، بەو پێیەی رێکاری ژمارەیی و ئاماریی بۆ ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکان جێبەجێ دەکرێت، بەشێوەیەکی رێکخراو و بابەتیانە. هاوکات توێژەر کۆمەڵێك هەنگاوی میتۆدیی گرتۆتەبەر، بەمەبەستی ئامادەکردنی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- دیاریکردنی یەکە شیکارییەکان:**

شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، پشت بە زیاتر لە یەکەیەك دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی بابەتە میدیاییەکان، ئەو یەکانەش پێوەری سەرەکین بۆ شیتەڵکردنی ناوەڕۆکەکان، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ کێشەی توێژینەوەکەدا بگونجێت. لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران پشتیان بە یەکەی (بابەت) بەستووە کە لە چوارچێوەی بەرهەمە میدیاییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەمەبەستی زانینی ناوەڕۆکی بابەتەکان.

**٢- دیاریکردنی دەستە ناوەڕۆکییەکان:**

مەبەست لە دەستە ناوەڕۆکییەکان، شیتەڵکردنی بابەتە میدیاییەکانە بۆ کۆمەڵە بڕگەیەك کە تایبەتمەندێتی و خسڵەتی هاوبەشیان هەیە، ئەویش بەپێی داواکاری و ئامانجەکانی توێژینەوە، دەستە شیکارییەکان بۆ دوو جۆری سەرەکی پۆلێن ئەکرێن، کە هەریەکەیان کۆمەڵێك دەستەی لاوەکی لەخۆئەگرێت، لەوانە: دەستە ناوەڕۆکییەکان کە وەڵامی پرسیاری (چی وترا؟) ئەداتەوە وەک: (جۆرەکانی چێوەی میدیایی، جۆرەکانی مامەڵەی میدیایی، تەوەرەکانی بابەت، سەرچاوەی رۆژنامەوانی، چێوەی کەسایەتییە بەشداربووەکان)، هەروەها دەستە رواڵەتییەکان کە وەڵامی پرسیاری (چۆن وترا؟) ئەداتەوە وەک: (هونەرە میدیاییەکان، شێوازی بڵاوکردنەوە، هاوسەنگیی مامەڵەکردن، ئاراستەی مامەڵەکردن)، توێژەران هەردوو دەستەکەیان بەکارهێناوە، بۆ زانینی ناوەڕۆکی هەواڵەکانی پەیوەست بە پرسی (هەژماری من).

**٣- راستی رواڵەت:**

توێژەر ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەشێوەی بەرایی ئاراستەی (٣) هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ لەبواری میدیادا کرد، (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١)، پاشان کاری هەموارکردن و لابردن و زیادکردنی هەندێک لە بڕگەکانی فۆرمەکەی ئەنجامدا. هاوکێشەی راستی دەرەکی= بڕگە راستەکان/ کۆی بڕگەکان×١٠٠، ئەنجامی راستی دەرەکی= ٤٨/٥٤×١٠٠= ٨٨,٨ بەهای ئەم رێژەیەش لە ئاستێکی بەرزدایە.

**٤- جێگیریی فۆرمی شیکردنەوە:**

مەبەست لە جێگیریی شیکردنەوە، دووبارە ئەنجامدانی رێکاری شیکارییە بەمەبەستی بەدەستخستنی هەمان ئەنجام، توێژەر شێوازی جێگریی لە رێگەی کاتەوە بەکارهێنا، لەدوای جێبەجێکردنی هاوکێشەی هۆلستی، تێکرای جێگیریی بریتی بوو لە (٠,٨٥) کە لە رووی زانستییەوە ئەو رێژەیە لە ئاستێکی بەرزدایە.

**- وردەکاریی دەرئەنجامی لایەنی شیکاریی:**

**تەوەری یەکەم: ئەنجامی شیکاری سامپڵی توێژینەوەکە لە رووی رووالەتەوە (چۆن وترا؟)**

**خشتەی (١): قەبارەی بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بە (هەژماری من) لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە**

| مالپەڕ / بەرهەمە میدیاییەکان | Rudaw | | CHANNEL 8 | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| هەواڵ | ٣٤ | ٦٣ | ٢٥ | ٧٣,٦ | ٥٩ | ٦٧ | یەکەم |
| راپۆرت | ٨ | ١٤,٨ | ٣ | ٨,٨ | ١١ | ١٢,٥ | دووەم |
| لێدوان | ٣ | ٥,٦ | ٤ | ١١,٨ | ٧ | ٨ | سێیەم |
| چاوپێکەوتن | ٤ | ٧,٤ | ١ | ٢,٩ | ٥ | ٥,٦ | چوارەم |
| وتار | ٢ | ٣,٧ | ٠ | ٠ | ٢ | ٢,٢ | شەشەم |
| بەدواداچوون | ٣ | ٥,٥ | ٠ | ٠ | ٣ | ٣,٤ | پێنجەم |
| ڕووماڵی راستەوخۆ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| فۆتۆستۆری | ٠ | ٠ | ١ | ٢,٩ | ١ | ١,٣ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | ٥٤ | %١٠٠ | ٣٤ | %١٠٠ | ٨٨ | %١٠٠ | - |

بەگوێرەی خشتەی (١)، دەردەکەوێت کە لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٦٧%)ی کۆی ئەو بەرهەمە میدیاییانەی کە لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا پەیوەست بە پرسی (هەژماری من)دا بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە ژانری میدیایی (هەواڵ)، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە بەراورد بە هونەرە میدیاییەکانی دیکە، هەردوو ماڵپەڕەکە بایەخی زۆر بە (هەواڵ) دەدەن و تارادەیەکی زۆر هونەرە میدیاییەکانی دیکەیان فەرامۆش کردووە و نەیانتوانیوە هاوسەنگیی لە مامەڵەکردن و خستنەرووی پرسی هەژماری من لە چوارچێوەی هونەرە میدیاییەکانی دیکەدا رابگرن. هاوکات لە پلەی کۆتایی و بەرێژەی (١,٣) لەلایەن ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی (Rudaw) و (CHANNEL 8) بەرهەمە میدیاییەکانیان لە رێگەی (فۆتۆستۆری)یەوە بڵاوکردۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا فۆتۆستۆری یەکێکە لە ئامرازە سەرنجراکێش و رووونکەرەوە گرنگەکان لە کاری میدیای دیجیتاڵیدا.

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەدا نییە لە چۆنێتی مامەڵەکردن و رووماڵکردنی پرسی (هەژماری من) لەچوارچێوەی هونەرە میدیاییەکاندا و هەردوو ماڵپەڕ زۆرترین بەرهەمەکانیان لە رێگەی (هەواڵ)ەوە بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لە ماڵپەڕی کەناڵی (Rudaw)، تارادەیەک توانراوە لە رێگەی هونەرە میدیاییەکانی دیکەی وەک (بەدواداچوون، وتار) مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا بکەن بەراورد بە ماڵپەڕی (CHANNEL 8).

**خشتەی (٢): ئەو رەگەزە تۆپۆگرافییانەی کە تایبەت بە (هەژماری من) لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا**

| مالپەڕ / شێوازی بڵاوکردنەوە | Rudaw | | CHANNEL 8 | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| دەق | ١ | ١,٨٥ | ٠ | ٠ | ١ | ١,١٤ | پێنجەم |
| فۆتۆ ئەلبوم | ١ | ١,٨٥ | ٠ | ٠ | ١ | ١,١٤ | پێنجەم |
| دەق لەگەڵ فۆتۆ | ٢٢ | ٤٠,٧٥ | ٣٢ | ٩٤,١٢ | ٥٤ | ٦١,٣٨ | یەکەم |
| ڤیدیۆ | ١٠ | ١٨,٥١ | ٠ | ٠ | ١٠ | ١١,٣٨ | سێیەم |
| کاریکاتێر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | - |
| دەنگ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | - |
| هایبەر لینک | ١٥ | ٢٧,٧٩ | ٠ | ٠ | ١٥ | ١٧ | دووەم |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گرافیک | ٥ | ٩,٢٥ | ٢ | ٥,٨٨ | ٧ | ٧,٩٦ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٥٤ | %١٠٠ | ٣٤ | %١٠٠ | ٨٨ | %١٠٠ | - |

بەگوێرەی خشتەی (٢) و لەدوای جیاکردنەوەی بەرهەمە میدیاییەکانی پەیوەست بە پرسی (هەژماری من) لەماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە، دەردەکەوێت کە لە پلەی یەکەم و بە بەرێژەیەکی زۆر بەرز (%٦١,٣٨)، پشتبەستراوە بە شێوازی بڵاوکردنەوەی (دەق لەگەڵ وێنە)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دوو لە ماڵپەڕە پڕ بینەرەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەهەرێمی کوردستان، لە بڵاوکردنەوەی پرسێکی گرنگی وەکو (هەژماری من)، کەمترین گرنگییان بە شێوازەکانی دیکەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە میدیاییەکان داوە، بەتایبەت بەکارهێنانی (گرافیک) کە شێوازێکی نوێ و گرنگ و کاریگەری بڵاوکردنەوە و روونکردنەوەی بەرهەمە میدیاییەکانە. هاوکات لە پلەی کۆتایی و بەرێژەی (١,١٤) لەلایەن ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەوە، شێوازی بڵاوکردنەوەی (دەق) و (فۆتۆ ئەلبوم) بەکارهێنراوە، ئەمە لەکاتێکدا (فۆتۆ ئەلبوم) یەکێکە لە شێوازە گرنگەکانی بڵاوکردنەوە، لەسەر ئەو بنەما زانستییەی کە دەوترێت : "وێنەیەک بەرامبەرە بە ١٠٠٠ وشە".

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەدا نییە لە شێوازی بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا و هەردوو ماڵپەڕ زۆرترین بەرهەمە میدیاییەکانیان لەبارەی ئەو پرسەوە بەشێوازی (دەق لەگەڵ فۆتۆ) بڵاوکردۆتەوە، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە پرۆسەی ئەپلۆدکردن و بڵاوکردنەوە و مامەڵکردن لەگەڵ ناوەڕۆکی (دەق لەگەڵ وێنە) لە دیجیتاڵ میدیادا، ئاسانتر و خێراترە بەراورد بە بەکارهێنانی گرافیک یان ڤیدیۆ یاخود فۆتۆ ئەلبوم و هایبەرلینک، لەگەڵ ئەوەشدا ماڵپەڕی کەناڵی (Rudaw)، بەراورد بە ماڵپەڕی (CHANNEL 8)، توانیویەتی تارادەیەکی زۆر هاوسەنگیی لە شێوازەکانی بڵاوکردنەوە رابگرێت و بەرێژەی جیاواز، شێوازەکانی (هایبەرلینک و ڤیدیۆ و گرافیک) بۆ بڵاوکردنەوە بەکارهێناوە، ئەمەش بەخاڵێکی بەهێز بۆ ماڵپەڕی ئەو کەناڵە ئەژمار دەکرێت.

**خشتەی (٣): هاوسەنگی مامەڵەکردنی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا**

| ماڵپەڕ / هاوسەنگی مامەڵەکردن | Rudaw | | CHANNEL 8 | | کۆی گشتی | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| تێڕوانینێك | ٢١ | ٣٨,٨٨ | ٢٥ | ٧٣,٥٣ | ٤٦ | ٥٢,٢٧ | یەکەم |
| زیاتر لە تێڕوانینێك | ٣٣ | ٦١,١٢ | ٩ | ٢٦,٤٧ | ٤٢ | ٤٧,٧٣ | دووەم |
| بەبێ تێڕوانین | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | - |
| کۆی گشتی | ٥٤ | %١٠٠ | ٣٤ | %١٠٠ | ٨٨ | %١٠٠ | - |

بەگوێرەی خشتەی (3) و لەدوای جیاکردنەوەی بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بە پرسی (هەژماری من) لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە لە رووی هاوسەنگی مامەڵەکردن و رووماڵکردنی ئەو پرسەدا، دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (%٥٢,٢٧)، هەردوو ماڵپەڕەکە لە رێگەی یەک تێڕوانینەوە، مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی هاوسەنگیی لە مامەڵەکردن و رووماڵکردنی بابەتێکی گرنگی وەک (هەژماری من) و نیشاندەرێکی روونە کە هەردوو دامەزراوە میدیایەکە ویستیان نییە ئەو پرسە لە رێگەی تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا هەیە لە هاوسەنگیی مامەڵەکردن لەگەڵ (هەژماری من)دا، بەجۆرێک ماڵپەڕی کەناڵی (Rudaw) بەرێژەی (%٦١,١٢) بە پشتبەستن بە زیاتر لە تێڕوانینێک، کاری میدیایی لەبارەی (هەژماری من)ەوە کردووە، ئەمەش نیشاندەرێکی باشە بۆ ماڵپەڕی ئەو کەناڵە کە هەوڵیداوە لەگۆشەنیگا و بۆچوونی جیاوازەوە تاوتوێی ئەو پرسە بکات، لەبەرامبەردا لە ماڵپەڕی (CHANNEL 8) بەرێژەی (%٧٣,٥٣) تەنها لە یەک تێڕوانینەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو پرسەدا کردووە، کە ئاماژەیەکی روونە بۆ لەدەستدانی هاوسەنگیی مامەڵەکردن و رووماڵکردنی پرسی (هەژماری من).

**خشتەی (٤): ئاڕاستەی مامەڵەکردنی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا**

| ماڵپەڕ / ئاڕاستەی مامەڵەکردن | Rudaw | | CHANNEL 8 | | کۆی گشتی | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| ئەرێنی | ٤٨ | ٨٨,٨٨ | ١٢ | ٣٥,٢٩ | ٦٠ | ٦٨,١٨ | یەکەم |
| نەرێنی | ٠ | ٠ | ١٣ | ٣٨,٢٤ | ١٣ | ١٤,٧٨ | سێیەم |
| بەبێ ئاڕاستە | ٦ | ١١,١٢ | ٩ | ٢٦,٤٧ | ١٥ | ١٧,٠٤ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٥٤ | %١٠٠ | ٣٤ | %١٠٠ | ٨٨ | %١٠٠ | - |

بەگوێرەی خشتەی (٤)، کە تایبەتە بە ئاڕاستەی مامەڵەکردنی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا، دەردەکەوێت لە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (٦٨,١٨%)، ئەو دووماڵپەڕە هەواڵەییە، بە شێوەی ئەرێنی مامەڵەی میدیاییان لەگەڵ ئەو پرسەدا کردووە، بەو واتایەی ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکانیان بەو ئاڕاستەیە داڕێژراوە کە زیاتر فۆکەسیان لەبارەی لایەنە پۆزەتیڤەکانی پرسی (هەژماری من) بووە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە هەردوو دامەزراوە میدیاییەکە تەنها گرنگییان بە گۆشە ئەرێنییەکان داوە و نەیانتوانیوە لایەنە نەرێنییەکانی بخەنەڕوو. هاوکات لە پلەی دووەم و بەڕێژەی (١٧,٠٤%)یش، ئاڕاستەی مامەڵەکردنی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە لەگەڵ (هەژماری من)، بەبێ ئاڕاستە بووە، بەو مانایەی نمایشکردنی بەرهەمە میدیاییەکانی پەیوەست بەو پرسە، بە ئاڕاستەی ئەرێنی یان نەرێنی نەبووە و بەشێوەی ئەبستراک مامەڵەیان لەگەڵ پێشهات و زانیارییەکانی ئەو پرسەدا کردووە.

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا هەیە لە ئاڕاستەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ (هەژماری من)دا، بەجۆرێک ماڵپەڕی کەناڵی (Rudaw) بە ئاستێکی زۆر بەرز و بەڕێژەی (٨٨,٨٨%)ی کۆی بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بەو پرسە، بەشێوەی ئەرێنی مامەڵەی میدیاییان لەگەڵدا کردووە، بۆ دڵنیابوونەوە، ئەم نموونەیە دەخەینەڕوو: **"بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو، ژمارەی ئەو مووچەخۆرانەی مووچەی مانگی ئاياری ئەمساڵ لە ڕێگەی ATMەکانی پرۆژەی "هەژماری من"ەوە مووچە وەردەگرن، نزیکەی دوو هێندەی ژمارەی ئەو مووچەخۆرانەیە کە مووچەی مانگی نیسانیان وەرگرتووە".** (Rudaw, ٢٠٢٤/٦/١٠). بەپێچەوانەوە ماڵپەڕی (CHANNEL 8) بەڕێژەی (٣٨,٢٤%)، بە ئاڕاستەی نەرێنی مامەڵەی میدیاییان لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سیاسەتی پشتی هەردوو دامەزراوە میدیاییەکە بە جیاواز دەڕواننە پرسی (هەژماری من). بۆ دڵنیابوونەوە، ئەم نموونەیە دەخەینەڕوو: **"پاش بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی 'هەژماری من'، بەشێک لە فەرمانبەران و مامۆستایان دژی وەستانەوە و لەبەردەم باخی گشتیی سلێمانی هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژۆ بۆ ڕەتکردنەوەی پرۆژەکە بەڕێوەچوو"**(CHANNEL 8, ٢٠٢٤/٧/٢٨).

**تەوەری دووەم: ئەنجامی شیکاری سامپڵی توێژینەوەکە لە رووی ناوەڕۆکەوە (چی وترا؟)**

**خشتەی (٥): جۆری چێوەی میدیایی بەکارهێنراو لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا**

| ماڵپەڕ / چێوەی میدیایی | Rudaw | | CHANNEL 8 | | کۆی گشتی | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| چێوەی ستراتیژی (سیاسی) | ٨ | ١٤,٨٢ | ٤ | ١١,٧٦ | ١٢ | ١٣,٦٣ | چوارەم |
| چێوەی ململانێ | ٢٢ | ٤٠,٧٤ | ١٠ | ٢٩,٤٢ | ٣٢ | ٣٦,٣٦ | یەکەم |
| چێوەی لێکەوتە ئابوورییەکان | ١٣ | ٢٤,٠٧ | ٦ | ١٧,٦٥ | ١٩ | ٢١,٦١ | دووەم |
| چێوەی بابەخی مرۆیی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| چێوەی نارەزایی | ٣ | ٥,٥٥ | ١٢ | ٣٥,٢٩ | ١٥ | ١٧,٠٤ | سێیەم |
| چێوەی چارەسەر | ٨ | ١٤,٨١ | ٢ | ٥,٨٨ | ١٠ | ١١,٣٦ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٤ | %١٠٠ | ٣٤ | %١٠٠ | ٨٨ | %١٠٠ | - |

بەگوێرەی خشتەی (٥)، کە تایبەتە بە جۆری چێوەی میدیایی بەکارهێنراو لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من) لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکە، دەردەکەوێت لە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (٣٦,٣٦%)، چێوەی ململانێ بۆ خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا بەکارهێنراوە، بەو پێیەی ئەم بابەتە هەمیشە لەنێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند، جێگەی ململانێ بووە و زۆرکاتیش ئەو ململانێیانە لە رووی مامەڵەی میدیاییەوە، گوێستراوەتەوە بۆ ململانێی سیاسی لەنێوان هەولێر و بەغدا، بۆ دڵنیابوونەوە ئەم نموونەیە دەخەینەڕوو: **"بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق دەڵێت: بانکی تی بی ئای پەشیمانبووەتەوە لەوەی ببێتە بەشێک لە پرۆژەی 'هەژماری من' و داوای کردووە، حکومەتی هەرێم لیستی ناوی وەزارەت بە وەزارەتی بۆ بنێرێت، تا پرۆسەی بەجێکردنی مووچە (تەوتین)یان بۆ ئەنجامبدات".** (Rudaw, ٢٠٢٤/٥/٢٧). هاوکات لە پلەی دووەم و بەڕێژەی (٢١,٦١%)، چێوەی لێکەوتە ئابوورییەکان دێت، بۆ دڵنیابوونەوە، ئەم نموونەیە دەخەینەڕوو: **"وەزارەتی دارایی هەرێم رایگەیاند: مەبەستی پرۆژەی هەژماری من، دروستکردنی بانک نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی گشتگیری دارایی پێشکەوتووە کە ئامانج لێی دابینکردنی ڕێگەیەکی پارێزراو و گونجاوە بۆ دەستڕاگەیشتن بەچەندین خزمەتگوزاریی دارایی و بانکی سەردەم و دابینکردنی مووچەو پێدانی چەندین جۆری قەرز و سولفەو پێشینە لەلایەن بانکەکانەوە بۆ فەرمانبەران و سوودمەندانی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکە بۆ ڕێگریی لە سپیکردنەوەی پارە و کۆتاییهێنان بە گەندەڵی".** (CHANNEL 8, ٢٠٢٤/٦/٢٦).

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا هەیە لە بەکارهێنانی چێوەی میدیایی بۆ ئەو پرسە، بەشێوەیەک لە ماڵپەڕی کەناڵی (Rudaw)دا بە ئاستێکی زۆر بەرز و بەڕێژەی (٤٠,٧٤%)ی کۆی بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بەو پرسە، بە بەکارهێنانی چێوەی ململانێ مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، بە پێچەوانەوە لە ماڵپەڕی کەناڵی (CHANNEL 8)دا بە پلەی

یەکەم و بەرێژەی (٣٥,٢٩%)، جێوەی نارەزایەتی مووچەخۆرانی بەرامبەر بە پرسی (هەژماری من) بەکارهێناوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاراستەی ڕوومالەکانی ماڵپەڕی (CHANNEL 8) لەبەرامبەر پرسی (هەژماری من)دا، زیاتر لە نارەزایی مووچەخۆران بەرامبەر بەم سیستمە بانکییە چڕ کردۆتەوە و زۆرترین فۆکەسی میدیایی لەسەر ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییانە بووە کە لەلایەن مووچەخۆران و دەستەبژێری سیاسییەوە دژی (هەژماری من) بوون لەماوەی وەرگرتنی سامپڵی توێژینەوەکەدا.

**خشتەی (٦): جۆری مامەڵەی میدیایی بەکارهێنراو لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا**

| ماڵپەڕ / مامەڵەی میدیایی | Rudaw | | CHANNEL 8 | | کۆی گشتی | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| ڕووکەشی | ٢٠ | ٣٧,٠٣ | ١٨ | ٥٢,٩٤ | ٣٨ | ٤٣,١٨ | یەکەم |
| بنکۆڵکاری (وردەکاری) | ١٥ | ٢٧,٧٧ | ١ | ٢,٩٥ | ١٦ | ١٨,١٨ | دووەم |
| بێلایەنانە (بابەتیانە) | ١٠ | ١٨,٥١ | ٥ | ١٤,٧٠ | ١٥ | ١٧,٠٤ | سێیەم |
| لایەنگیری | ٥ | ٩,٢٥ | ٣ | ٨,٨٣ | ٨ | ٩,٠٩ | چوارەم |
| هێرشبەرانە | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| پروپاگەندەیی | ٤ | ٧,٤٠ | ٤ | ١١,٧٦ | ٨ | ٩,٠٩ | چوارەم |
| ڕەخنەگرانە | ٠ | ٠ | ٣ | ٨,٨٢ | ٣ | ٣,٤٠ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٤ | %١٠٠ | ٣٤ | %١٠٠ | ٨٨ | %١٠٠ | - |

بەگوێرەی خشتەی (٦)، کە پەیوەستە بە جۆری مامەڵەی میدیایی بەکارهێنراو لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکە، دەردەکەوێت لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٤٣,١٨%)، بەشێوەی ڕووکەشی مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا کراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەردوو ماڵپەڕە میدیاییەکە لاواز بوون لە خستنەڕووی وردەکاریی زانیارییەکان و تەنیا مامەڵەیەکی خێرایان لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا کردووە. هاوکات لە پلەی دووەم و بەرێژەی (١٨,١٨%)، مامەڵەی بنکۆڵکاری (وردەکاریی)یان لە ڕوومالکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو پرسەدا کردووە.

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا نییە لە چۆنێتی مامەڵەی میدیایی لە بڵاوکردنەوەی ئەو پرسەدا، بەشێوەیەک هەردوو ماڵپەڕەکە بە پلەی یەکەم بە شێوەی ڕووکەشی مامەڵەی میدیاییان لەگەڵ پرسی (هەژماری من)دا کردووە، بەڵام لە پلەی دووەمدا و بەرێژەی (٢٧,٧٧%)، ماڵپەڕی کەناڵی (Rudaw) مامەڵەی بنکۆڵکاریی کردووە، بە پێچەوانەوە لە ماڵپەڕی کەناڵی (CHANNEL 8) و بەرێژەی (١٤,٧٠%)، شێوەی مامەڵەی بێلایەنانە (بابەتیانە) دێت. هۆکاری ئەو جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ماڵپەڕی کەناڵی (Rudaw) زۆرترین ڕوومالی بۆ ئەو پرسە لەماوەی وەرگرتنی سامپڵی توێژینەوەکە کراوە و لەگەڵ ئەوەشدا ویستی هەبووە کە وردەکاریی بابەتی (هەژماری من) بۆ خوێنەرەکانی بخاتەڕوو.

**خشتەی (٧): ئەو تەوەرانەی کە لە چوارچێوەی پرسی (هەژماری من)دا تاوتوێکراون**

| ماڵپەڕ / تەوەرەکان | Rudaw | | CHANNEL 8 | | کۆی گشتی | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| دارایی و بانکی | ١٨ | ٣٣,٣٣ | ١٨ | ٥٢,٩٤ | ٣٦ | ٤٠,٩٠ | یەکەم |
| سیاسی | ١٤ | ٢٥,٩٢ | ١٠ | ٢٩,٤٢ | ٢٤ | ٢٧,٢٨ | سێیەم |
| یاسایی و دەستووری | ٢٢ | ٤٠,٧٥ | ٦ | ١٧,٦٤ | ٢٨ | ٣١,٨٢ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٥٤ | %١٠٠ | ٣٤ | %١٠٠ | ٨٨ | %١٠٠ | - |

بەگوێرەی خشتەی (٧)، کە پەیوەستە بەو تەوەرانەی کە لە چوارچێوەی پرسی (هەژماری من)دا لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە کوردییەکەدا تاوتوێکراون، دەردەکەوێت لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٤٠,٩٠%)، تەوەری دارایی و بانکی دێت و لە پلەی دووەم و بەرێژەی (٣١,٨٢%) تەوەری یاسایی و دەستووری دێت کە لە چوارچێوەی پرسی (هەژماری من)دا تاوتوێکراون. ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی خشتەکانی ژمارە (٥) یەکدەگرێتەوە، بەوپێیەی گرنگی بە تاوتوێکردنی پرسی هەژماری من لە چوارچێوەی بابەتەکانی ململانێی هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا لەڕووی یاسایی و دەستوورییەوە لەبارەی پرسی هەژماری من و لێکەوتە ئابوورییەکان (دارایی و بانکی) کراوە لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا.

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا هەیە لە تاوتوێکردنی ئەو پرسەدا، بەشێوەیەک لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٤٠,٧٥%) ماڵپەڕی کەناڵی (Rudaw) تاوتوێی بابەتی (هەژماری من)ی لەچوارچێوەی تەوەری یاسایی و دەستووریدا کردووە، بەو مانایەی لەگۆشەنیگایەکی یاساییەوە بەرهەمە میدیاییەکانی لەبارەی ململانێکانی تایبەت بەو پرسە

خستۆتەڕوو. بۆ دڵنیابوونەوە، ئەم نموونەیە دەخەینەڕوو: **"جەمال کۆچەر گوتی: "هەرێمی کوردستان هیچی رادەستی بەغدا نەکردووە، ئەوەی چاوەڕوانکراوە ئەوەیە تا بەبانکیکردنی مووچە وەک لە بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵیدا هاتووە جێبەجێ نەکرێت، مووچە نانێردرێت".** (Rudaw, ٢٠٢٤/٥/١١)، بەڵام لە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (٥٢,٩٤%)، ماڵپەڕی کەناڵی (CHANNEL 8)، پرسی (هەژماری من)ی لە چوارچێوەی بابەتی (دارایی و بانکی) تاوتوێکردووە، بۆ دڵنیابوونەوە، ئەم نموونەیە دەخەینەڕوو: **"وەزارەتی دارایی هەرێم رایگەیاند: نموونەیەکی دیکەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە نێوان تیمی 'هەژماری من' و شاندەکەی بانکی 'تی بی ئای' ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بریتییە لە کردنەوەی دوو لقی نوێی بانکەکە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی".**(CHANNEL 8, ٢٠٢٤/١١/٧).

**خشتەی (٨): سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا**

| ماڵپەڕ / سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان | Rudaw | | CHANNEL 8 | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| بەرپرسی حکومی | ١١ | ٢٠,٣٧ | ٣ | ٨,٨٢ | ١٤ | ١٥,٩١ | سێیەم |
| بەرپرسی حزبی | ٧ | ١٢,٩٧ | ٦ | ١٧,٦٤ | ١٣ | ١٤,٧٧ | چوارەم |
| پەیامنێر و نێردراو | ٣ | ٥,٥٥ | ٥ | ١٤,٧١ | ٨ | ٩,١٠ | پێنجەم |
| ڕاگەیەنراو | ١٠ | ١٨,٥٢ | ٧ | ٢٠,٥٨ | ١٧ | ١٩,٣٢ | دووەم |
| زانیاری تایبەت | ٥ | ٩,٢٥ | ٠ | ٠ | ٥ | ٥,٦٨ | شەشەم |
| پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان | ١٨ | ٣٣,٣٤ | ١٣ | ٣٨,٢٥ | ٣١ | ٣٥,٢٢ | یەکەم |
| ئاژانسەکانی دەنگوباس | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| میدیا جیهانییەکان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٥٤ | %١٠٠ | ٣٤ | %١٠٠ | ٨٨ | %١٠٠ | - |

بەگوێرەی خشتەی (٨)، کە تایبەتە بە پشبەستنی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە بە سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان لە بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا، دەردەکەوێت کە لە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (٣٥,٢٢%)دا، هەردوو ماڵپەڕەکە پشتیان بە سەرچاوەی پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان (پەرلەمانتارانی کورد و عەرەب) بەستووە لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە میدیاییانەی کە تایبەتن بە پرسی (هەژماری من)، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە گەیشتن بە پەرلەمانتاران بەراورد بە سەرچاوەکانی دیکەی دەستکەوتنی زانیاری، ئاسانترە بۆ میدیاکاری کەناڵەکان، ئەمە لەکاتێکدا مەرج نییە هەمووکات پەرلەمانتاران زانیاری دروستیان لەبارەی پرسەکانەوە هەبێت. هاوکات لە پلەی دووەم و بەڕێژەی (١٩,٣٢%) ڕاگەیەنراوی ڕۆژنامەوانی دێت، کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە وەکو سەرچاوەی ڕۆژنامەوانیی پشتیان پێ بەستووە.

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا نییە و هەردوو ماڵپەڕ بە پلەی یەکەم پشت بە پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان دەبەستن وەک سەرچاوەی بەرهەمە میدیاییەکانی تایبەت بەو پرسە.

**خشتەی (٩): چێوەی کەسایەتییە بەشداربووەکان لە پرسی (هەژماری من)دا**

| ماڵپەڕ / کەسایەتییەکان | Rudaw | | CHANNEL 8 | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرۆکی حکومەتی هەرێم | ٨ | ١٤,٨١ | ٤ | ١١,٧٦ | ١٢ | ١٣,٦٣ | دووەم |
| جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم | ١ | ١,٨٥ | ٠ | ٠ | ١ | ١,١٣ | شەشەم |
| جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران | ٧ | ١٢,٩٦ | ٤ | ١١,٧٦ | ١١ | ١٢,٥ | سێیەم |
| وەزیری دارایی هەرێم | ١٣ | ٢٤,١ | ٦ | ١٧,٦٦ | ١٩ | ٢١,٥٩ | یەکەم |
| سەرۆک وەزیرانی عێراق | ٤ | ٧,٤٠ | ٤ | ١١,٧٦ | ٨ | ٩,١٠ | چوارەم |
| وەزیری دارایی عێراق | ٨ | ١٤,٨١ | ٤ | ١١,٧٦ | ١٢ | ١٣,٦٣ | دووەم |
| سەرۆکی دادگای فیدراڵی | ٣ | ٥,٥٥ | ٣ | ٨,٨٣ | ٦ | ٦,٨٢ | پێنجەم |
| کەسایەتیە حیزبییەکان | ٧ | ١٢,٩٦ | ٤ | ١١,٧٦ | ١١ | ١٢,٥ | سێیەم |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چالاکوانی ڕێکخراوەکان | ٣ | ٥,٥٦ | ٥ | ١٤,٧١ | ٨ | ٩,١٠ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٥٤ | %١٠٠ | ٣٤ | %١٠٠ | ٨٨ | %١٠٠ | - |

بەگوێرەی خشتەی (9)، کە تایبەتە بە چێوەی کەسایەتییە بەشداربووەکان لە پرسی (هەژماری من)دا، دەردەکەوێت کە لە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (٢١,٥٩%)دا، کەسایەتی وەزیری دارایی هەرێم دێت لەکۆی ئەو کەسایەتیانەی کە لە بەرهەمە میدیاییەکانی پەیوەست بەو پرسە لەماوەی وەرگرتنی سامپڵی توێژینەوەکە لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە ئاماژەی بۆ کراوە، هاوکات لە پلەی دووەم و بەرێژەی (١٣,٦٣%)دا، کەسایەتیی وەزیری دارایی عێراق دێت. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پرسی (هەژماری من) بە پلەی یەکەم پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێم و عێراقەوە هەیە و زۆرترین لێدوان و ڕاگەیەنراو ڕوونکردنەوەکان لەبارەی ئەو پرسەوە، لەلایەن ئەو دوو وەزیرە یان لە زاری ئەوانەوە بڵاوکراونەتەوە.
هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا نییە و هەردوو ماڵپەڕ بە پلەی یەکەم چێوەی کەسایەتیی هەردوو وەزیری دارایی هەرێم و عێراقیان بەکارهێناوە، لەکۆی کەسایەتییە بەشداربووەکانی ئەو پرسە.

## - دەرئەنجامی توێژینەوە:

لەسەر بنەمای ئامانجی ڕووپێوی شیکاریی، توێژەر بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:
١- ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکە، لەگۆشەنیگای ململانێ-وە دەڕواننە پرسی (هەژمار من) و چێوەی ململانێ لە بەرامبەر ڕووماڵکردنی ئەو پرسەدا بەکاردەهێنن، بەجۆرێک بەشی زۆری بەرهەمە میدیاییەکانیان لەبارەی ئەو پرسەوە، پەیوەست کراوە بە چەمکی ململانێ (سیاسی و دەستووری و داراییەکانی) نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراقەوە، بۆیە زۆرینەی بەرهەمە میدیایی و ڕووماڵەکانیان بۆ ئەو پرسە، ڕەگەزی ململانێ بەسەریاندا زاڵە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە میدیای کوردی لە چوارچێوەی ململانێ-وە، ڕووماڵی پرسێکی دارایی و ئابووریی وەکو (هەژماری من) دەکات.
٢- ئەنجامی شیکردنەوەکان دەریدەخەن، ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکە، نەیانتوانیوە هاوسەنگیی لە ڕووماڵکردنی پرسی (هەژماری من)دا ڕابگرن و تەنیا لە یەک تێڕوانینەوە بەرهەمە میدیاییەکانی پەیوەست بەو پرسە دەخەنەڕوو، ئەمە لەکاتێکدا تێڕوانینی جیاواز هەیە لەبارەی جێبەجێکردنی (هەژماری من) و بەشێکی زۆر لە مووچەخۆرانی هەرێم دژی ئەم پرسە بوون و داوا دەکەن (تەوتین) بۆ بە بانکیکردنی مووچەکانیان جێبەجێبکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە میدیای کوردی بە مەبەست، ڕووماڵی پرسە هەنووکەییەکان لە چێوە دەدات و وەرگر لە تێڕوانینە جیاوازەکان بێ بەش دەکات.
٣- هەرچەندە پرسی (هەژماری من) لەدەستپێکی جێبەجێکردنیەوە، بابەتی گەرم و گرنگی خەڵک و بە دیاریکراوی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە، لاواز بوون لە خستنەڕووی وردەکاریی زانیارییەکانی تایبەت بەو پرسە و تەنیا مامەڵەیەکی ڕووکەشی و خێرایان لە ڕووماڵکردنیدا بەکارهێناوە و ڕووماڵێکی بنکۆڵکارییان بەمەبەستی شیکردنەوەی وردەکاریی پرسی (هەژماری من)دا جێبەجێنەکردووە. ئەمەش خاڵێکی لاوازی میدیای کوردییە کە وەرگر لە وردەکاریی پرسە گرنگەکان بێ بەش دەکات.
٤- ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکە، بەرێژەیەکی زۆر بەرز تەنها بایەخ بە هونەری (هەواڵ) لە کۆی هونەرە میدیاییەکانی دیکە دەدەن لە ڕووماڵکردن و بڵاوکردنەوەی پرسی (هەژماری من)دا، ئەمەش لەگەڵ دەرئەنجامی خاڵی سێیەم یەکدەگریتەوە کە هەردوو ماڵپەڕەکە لاوازبوون لە ڕووماڵکردن و خستنەڕووی وردەکاریی زانیارییەکانی ئەو پرسە بۆ وەرگر لەهەرێمی کوردستان و نەیانتوانیوە هونەرە میدیاییەکانی دیکەی وەک (ڕاپۆرت، چاوپێکەوتن، بەدواداچوون و فۆتۆستۆری) لە ڕووماڵکردنی ئەو پرسەدا بەکاربهێنن.
٥- ئەنجامی شیکردنەوەکان دەریدەخەن، ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە سوودیان لە کەرەستە میدیاییەکان نەبینیوە لە ڕووماڵکردنی پرسی (هەژماری من)دا، بەشێوەیەک بە ڕێژەیەکی زۆر کەم کەرەستە میدیاییە نوێیەکانی بواری دیجیتاڵ میدیای وەک (گرافیک، ڤیدیۆ و فۆتۆ ئەلبوم) بەکاردەهێنن و تەنها گرنگی بە کەرەستەی (دەق لەگەڵ وێنە) دەدەن، ئەمەش دەرخەرێکی ڕوونە کە هێشتا ماڵپەڕە کوردییەکان، مامەڵە لەگەڵ کەرەستە میدیاییە ئاسان و باوەکان دەکەن و لە گرنگیی کەرەستە نوێیەکانی بواری میدیادا نەگەیشتوون.
٦- ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە، لاوازن لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی زانیارییەکانیان و بۆ ڕووماڵکردنی پرسی (هەژماری من) و بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشت بە لێدوان و زانیاری و بۆچوونی پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان دەبەستن، ئەم دەرئەنجامەش لە ڕووی کاری میدیاییەوە، نیشانەی لاوازیی دامەزراوە میدیاییەکانە لە بایەخدان بە سەرچاوەکانی دیکەی هەواڵ و بەرهەمە میدیاییەکانی دیکە. ئەمەش دەریدەخات کە هاوسەنگانە مامەڵەیان نەکردووە لەگەڵ پرسەکەدا.
٧- بەشیکردنەوەی ڕووماڵکردنی پرسی (هەژماری من)، دەردەکەوێت، تارادەیەک جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکەدا نییە لە چۆنێتی ڕووماڵکردنی ئەو پرسەدا، بەڵام لە ڕووەکانی (هاوسەنگیی مامەڵەکردن، ئاراستەی مامەڵکردن، جۆری چێوەی میدیایی بەکارهاتوو، بابەتی تاوتوێکراو) جیاوازن، ئەمەش دەرئەنجامێکی گونجاو و پەسەندکراو پیشان دەدات، بەوپێیەی بوونی جیاوازی لە ڕووماڵکردنی پرسە گرنگەکاندا، خزمەت بە مەعریفەی وەرگر دەگەیەنێت و لە گۆشەی جیاوازەوە بە زانیارییەکان ئاشنا دەبێت.

## راسپاردەکانی توێژینەوەکە:

لە سۆنگەی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران پێی گەیشتووە، کۆمەڵێک راسپاردەی زانستی پێشکەش بە توێژەران و خاوەندارێتی دامەزراوە میدیاییەکان دەکرێت کە بریتین لە:

١- ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەبارەی شیکردنەوەی پرسە گرنگ و هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن میدیای کوردییەوە رووماڵ دەکرێن.

٢- توێژەران ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان رادەسپێرن، لە رووماڵکردنی پرسە گرنگەکاندا کە پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، هاوسەنگی بپارێزن و سوود لە کەرەستە میدیاییە نوێیەکانی بواری دیجیتاڵ میدیادا ببینن.

٣- ماڵپەڕی کەناڵە کوردییەکان، لەگۆشەنیگای جیاواز و بەخستنەڕووی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانەوە، رووماڵی پرسە گرنگەکان بکەن.

## سەرچاوەکانی توێژینەوە:


1- تربان، ماجد سالم (2012): **فن التقرير الصحفي في المواقع الألكترونية الإخبارية الفلسطينية، فلسطين**، مجلة جامعة الأقصي (سلسلة العلوم الأنسانية)، المجلد السادس عشر، العدد الثاني.

2- ثروت، وفاء عبد الخالق (2017): **دلالة تأطير الصورة في التغطية الإعلامية للقضايا الاقتصادية في مصر**. المجلة المصرية لبحوث الأعلام.

3- الجميعة، احمد بن محمد (2006): **المعالجة الصحفية لأحداث الحادي عشر من سبتمبر 2001 في الصحف السعودية**، جامعة الأمام محمد بن سعود، كلية الدعوة، قسم الاعلام، رسالة ماجستير منشور.

4- خطاطبة، هبه عيسى (2020): **دور البرامج التلفزيونية في تعزيز حرية الرأي والتعبير "في فلك الممنوع" على قناة (فرانس 24) أنموذجا**، الأردن، جامعة الشراق الأوسط، كلية الإعلام، قسم الصحافة والإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

5- الطيب، البار (2010): **المعالجة الصحفية لظاهرة التنصير في الصحافة الجزائرية**، جامعة الجزائر: رسالة ماجستير منشور.

6- عباس، وسام فؤاد (٢٠٢٢): **دور وسائل التواصل الاجتماعي في ترويج الخدمات المصرفية (دراسة استطلاعية في عينة من المصارف التجارية الخاصة في محافظة كربلاء المقدسة)**، مجلة الإدارة والاقتصاد، جامعة كربلاء.

7- عبد الغفور، عقيل هايس (2017): **معالجة قضايا الفساد الاداري في ضوء نظرية الاطر الخبرية**، كلية الأعلام – جامعة بغداد، مجلة الباحث الاعلامي.

8- العرامين، عبدالله محمد حمدان (2020): **البرامج الأقتصادية في تلفزيون فلسطين "دراسة تحليلية"**، الأردن، جامعة الشراق الأوسط، كلية الإعلام، قسم الصحافة والإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

9- عطا الله، راجية إبراهيم عوض (2018): **أطر معالجة مواقع الفضائيات الإخبارية العربية والناطقة بالعربية لقضايا الأمن القومي العربي**، جامعة القاهرة، كلية الإعلام، شعبة الإذاعة والتليفزيون، أطروحة دكتوراه منشورة.

10- سامح، فوزي السيد الشحري (2022): **الأطر الخبرية لتغطية الحرب الروسية الأوكرانية في المواقع الأخبارية المصرية**، القاهرة، المجلة العلمية لبحوث الإذاعة والتليفزيون، جامعة القاهرة، كلية الأعلام، العدد 24.

11- القيسي، مهند محمود وهيب (2020): **المعالجة الصحفية لأزمة شحة المياه في الصحف العراقية**، بغداد، الجامعة العراقية، كلية الأعلام، رسالة ماجستير منشور.

12- الكساسبة، موسى سالم (2019): **المعالجة الأخبارية للأزمة السورية في القنوات الفضائية الموجهة باللغة العربية: دراسة تحليلية مقارنة لقناتي "روسيا اليوم - فرانس 24" أنموذجا**، الأردن، جامعة الشراق الأوسط، كلية الإعلام، قسم الصحافة والإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

13- كشكول و سعيد، محسن عبود و هبة خالد سعيد (2021): **أطر المعالجة الصحفية لموضوعات التطبيع مع اسرائيل**، مجلة دراسات وبحوث أعلامية.

14- اسماعيل، هالة (2009): **الصحافة التلفزيونية العربية (الجزيرة والنيل)**، الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

15- بالنافز، مارك و هيميلرمك، ستيفاني و شوسميث، بريان (2017): **نظريات ومناهج الإعلام**، المترجم (عاطف حطيبة)، القاهرة، دار النشر للجامعات.

16- الدليمي، عبد الرزاق (2011): **الصحافة الألكترونية والتكنلوجيا الرقمية**، عمان، دار الثقافة.

17- عامر، فتحي حسين (2010): **معالجة الاعلام لقضايا الوطن العربي**، القاهرة: دار قبا.

18- عبد العظيم، رهام عاطف (2019): **انماط التحيز في المعالجة الخبرية**، القاهرة: دار العربي للنشر والتوزيع.

19- عبد الوهاب، غسان (2013): **الصحافة التلفزيونية**، عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع.

20- الكلباني، علي بن عبدالله (2015): **الحرب النفسية**، القاهرة: عالم الكتب.

21- مكاوي، حسن عماد و السيد، ليلى حسين (2006)، **الأتصال ونظرياته المعاصرة**، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية.

22- Leto, A., Pickens, E., Needell, C.D., Rothschild, D. and Pacheco, M.L., 2024. **Framing in the Presence of Supporting Data: A Case Study in US Economic News**. *arXiv preprint arXiv:2402.14224*. https://aclanthology.org/2024.acl-long.24.pdf

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Languages and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-24

# The Context of the Media Engagement of Kurdish Satellite Channels with the My Account Question: An Analytical Study between the Rudaw and Channel 8 Websites

**Kosrat Taha Muhammad Shari, Arkan Jabbar Mohammed, Art Rasul Saleh**

Department of Media Technology, Sulaimaniyah Technical Institute, Sulaimaniyah Polytechnic University, Kurdistan Region - Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| Received | **2025-12-05** |
| Accepted | **2026-02-09** |
| Published: | **2026-02-15** |

**Keywords**

**Media Coverage, My Account (Hejmari Mn), Content Analysis, Rudaw, Channel 8, Conflict Framing, Digital Journalism**

**Corresponding Author**

kosrat.taha@spu.edu.iq
arkan.mohammed@spu.edu.iq
hunar.rasul@spu.edu.iq

**abstract**

The primary objective of this research is to evaluate and analyze the media discourse surrounding the 'My Account' (Hejmari Mn) initiative. Specifically, it examines how the websites of Rudaw and Channel 8frame this project as a financial and political issue. The research employs a descriptive-analytical method with a content analysis approach to examine the nature and framing of media content related to this issue. A purposive, non-random sampling technique was applied, using a comprehensive survey (census) approach to analyze all news stories and articles published on both websites between May and December 2024. The research sample consists of 88media items (including news, reports, interviews, live coverage, and photo stories) related to Hejmari Mn and its implications.

The study reached several conclusions, most notably: The websites of both Rudaw and Channel 8approached Hejmari Mn primarily through a lens of conflict, utilizing a conflict frame in their coverage. Furthermore, both outlets failed to maintain objectivity and balance in their reporting. Additionally, both websites demonstrated a lack of detailed information, relying instead on a superficial and hasty approach in their coverage.